# بایدن و پرۆژەی سێ هەرێمی فیدراڵ لەعیراقدا

## خەلیل عەبدوڵلا

ساڵی رابردوو جۆزیف بایدن سیناتۆری ئەمریکی داوای دامەزراندنی سێ هەرێمی فیدراڵی (کوردی ، سوننی، شیعی) لەچوارچێوەی دەوڵەتی عیراقدا کرد. کە هەریەك لەو هەرێمانە دەسەڵاتی فراوانیان هەبێت و دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندیش لاوازتر بکرێت. ئەوەش وەك تەنها چارەسەرێك بۆ دانانی سنورێك بۆ کاری توندوتیژی لەعیراقدا.

ئەمساڵیش جۆزیف بایدن و دە ئەندامی دیکەی ئەنجومەنی پیران ئەو بیرۆکەیەیان لەشێوەی پرۆژە یاسایەکدا پێشکەش بەئەنجومەنی پیران کرد. رۆژی ٢٦ی ئەیلولی ٢٠٠٧ پرۆژە یاساکە لەلایەن ٧٥٪ ی ئەندامانی ئەنجومەنی پیرانەوە پەسەند کرا. کە داوای دامەزراندنی هەرێمی تر لەسایەی سیستمی فیدراڵی عیراقدا دەکەن.

ئەم پرۆژەیەی بایدن کە داوای دامەزراندنی سێ هەرێمی فیدراڵی بۆ عیراق دەکات لەگەڵ دەستوری عیراقیش کۆك و گونجاوە. چونکە ئەو دەستوورە لەچەندین مادەو برگەدا ئاماژەی بەفیدراڵی کردووە. لەو چوارچێوەیەدا لەمادەی یەکی دەستوردا جەخت لەوە کراوەتەوە کە عیراق دەوڵەتێکی فیدراڵییە. ماددەی ١١٦ی دەستووریش ئاماژەی بەوە کردووە کە سیستمی فیدراڵی کۆماری عیراق لەپایتەخت و هەرێمەکان و پارێزگا نامەرکەزییەکان و ئیدارە خۆجێییەکان پێك دێت.

برگەیەکی مادەی ١١٧ی دەستوور دانی بەهەرێمی کوردستاندا ناوە وەك هەرێمێکی فیدراڵی.

برگەی دووەمی مادەی ١١٧ی دەستوور رێگەی بەدامەزراندنی هەرێمی نوێ لەعیراق داوەو مادەی ١١٨ی دەستووریش رێگەی بەئەنجومەنی نوێنەران داوە کە یاسای پێکهێنانی هەرێمەکان دابرێژێت. بۆ ئەو مەبەستەش رۆژی ١٠ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٦ ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق پرۆژەی یاسای پێکهێنانی هەرێمەکانی پەسەند کردو دەبوو بکەوتایەتە بواری جێبەجێکردنەوە، بەڵام بەهۆی نارەزایی هەندێ لایەنی ناوخۆیی ، ئەو کاتە بریاردرا یاساکە لەدوای ساڵ و نیوێکی تر جێبەجێ بکرێت. بەو پێیەش دەبێت ئەو یاسایە لەمانگی نیسانی ٢٠٠٨ جێبەجێ بکرێت.

هەر لەو چوارچێوەیەدا مادەی ١١٩ی دەستوور رێگەی داوە هەر پارێزگایەك یاخود زیاتر لەرێی راپرسییەوە هەرێمێك پێك بهێنێت.

مادەی ١٢٤ی دەستووریش ئاماژەی بەوە کردووە کە پارێزگای بەغدا بەهۆی ئەوەی کە پایتەختە سەربەخۆ دەبێتو ناچێتە ژێر رکێفی هیچ هەرێمێکەوە.

بێجگە لەپشتیوانی دەستووری بۆ مەسەلەی بەفیدراڵیکردنی عیراق، ئەو مەسەلەیە رەهەندێکی نێودەوڵەتیشی هەیەو بریاری ژمارە (١٥١٤)ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی جەختی لەدامەزراندنی عیراقێکی فیدراڵی،

دیموكراتی ، فرەیی و یەكگرتوو كردۆتەوە. پرۆژەكەی جۆزیف بایدن كە داوای دامەزراندنی سێ هەرێمی فیدراڵی دەكات لەگەڵ دەستووری عیراقدا كۆكە.

خاڵی یەكەمی پرۆژەكەی بایدن داوای دامەزراندنی سێ هەرێمی فیدراڵی بۆ كورد و شیعە و سوننە لەسەر بنەمای لامەركەزی دەكات و داواشی لەحكومەتی ناوەندی دەكات كە ئەركی پاراستنی بەرژەوەندییە گشتییەكانی وەك ئاسایشی گشتی و دابەشكردنی داهاتی نەوت لەئەستۆ بگرێت.

ئەم خاڵە لەگەڵ دەستووری عیراق یەكانگیر دەبێت، چونكە دەستوورەكە رێگەی بەدامەزراندنی هەرێم داوەو بەپێی دەستوورەكەش بەغدای پایتەخت سەربەخۆ دەبێت و لەژێر قەڵەمڕەوی هیچ هەرێمێكی تردا نابێت، ئەوەش لەبەرئەوەی كە پایتەخت شوێنی سەرەكی دامودەزگا فیدراڵییەكانەو نابێت لەژێر هەژموونی و كاریگەری هیچ هەرێمێكی تردا بێت، بەڵكو بەغدا دەبێتە سەنتەری پاراستنی ئاسایشی گشتی و دابەشكردنی داهاتی نەوت.

خاڵێكی تری پرۆژەكەی بایدن جەخت لەبەشداری سوننەكان لەو پرۆسەیەدا دەكاتەوە، ئەوەش بەوەی كەپشكێكی گونجاویان لەداهاتی نەوت بۆ دابین بكرێت. ئەوەش لەگەڵ مادەكانی (١١١ و ١١٢) ی دەستووردا كۆك و گونجاوە كە ئاماژە بەوە دەكەن كە نەوت و گاز موڵكی هەموو گەلانی عیراقە لە هەموو هەرێم و پارێزگاكانداو دەبێت داهاتەكەی بەشێوەیەكی دادپەروەرانەو لەسەر بنەمای دابەشبوونی دانیشتوان لەسەرانسەری وڵاتدا دابەش بكرێت. ئەوە بێجگە لەوەی كە پشكێك بۆ ئەو ناوچانە دیاری دەكرێت كە لەسەردەمی رژێمی دیكتاتۆریدا زەرەرمەند بوون.

ئەم پرۆژەیەی جۆزیف بایدن چارەسەرێكی گونجاوە بۆ رەوشی ئێستای عیراقو بەدامەزراندنی سێ هەرێم زیاتر ناوچەكانی سنوری ئەو هەرێمانە كۆنترۆڵ دەكرێت لەڕووی ئاسایش و ئەوەش كاریگەری لەسەر پرۆسەی ئاوەدانكردنەوەو بوژاندنەوەی ئابووری دەبێت.

بوونی هەرێمی كوردستان وەك هەرێمێكی ئارام و پێشكەوتوو نموونەیەكی زیندووە كە خاڵی ئیجابییەكانی هەرێم دەخاتە ڕوو. هەربۆیەش دامەزراندنی هەرێمی تر لەخزمەت رەوشی سیاسی عیراقدا دەبێتو دەبێتە هۆكاری كۆتایی هێنان بەتوندوتیژی و چەسپاندنی ئاشتی و سەقامگیری لەعیراقدا.